# خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: لە کوێن ئەوانەی بەهۆی شکۆداری منەوە یەکتریان خۆشدەوێت؟ ئیمڕۆ لە ژێر سێبەری خۆم دایان دەنێم لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێک نییە جگە لە سێبەری من نەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: «لە کوێن ئەوانەی بەهۆی شکۆداری منەوە (لە پێناوی خودا) یەکتریان خۆشدەوێت؟ ئیمڕۆ لە ژێر سێبەری خۆم دایان دەنێم لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێک نییە جگە لە سێبەری من نەبێت«».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

خوای گەورە بەو خەڵکەی وەستاون لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: (لە کوێن ئەوانەی بەهۆی شکۆداری منەوە -لە پێناوی خودا- یەکتریان خۆشدەوێت؟): وپرسیار دەکات سەبارەتیان سەرەڕای ئەوەی کە شوێنەکانیان دەزانێت وزانستی هەیە سەبارەت بە حاڵیان؛ ئەم بانگکردنە بۆ ئەوەیە کە فەزڵی ئەوان دەربخات بەسەر هەموو ئەوانەی کە وەستان، ومەزنی کردەوەی ئەوان دەبخات، وبە مانای ئەوە دێت: لە کوێن ئەوانەی بە هۆی شکۆداری ومەزنی من -لە پێناوی خودا- یەکتریان خۆش ویست نەک بەهۆی بەرژەوەندییەکی دونیایی. وپاشان خوای گەورە دەفەرموێت: (ئیمڕۆ لە ژێر سێبەری خۆم دایان دەنێم): بۆیە دەفەرموێت -سێبەری خۆم- مەبەست ڕێزلێنانە لەم سێبەرە کە سێبەری عەرشە هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە: «ظل عرشي» [رواه مسلم] واتە: «سێبەری عەرشەکەم». (لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێک نییە جگە لە سێبەری من نەبێت): واتا لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێک بوونی نییە جگە لە سێبەری عەرشی خودای میهرەبان نەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3369

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee